# سیخوری سپی و ئەزموونی ڕەش !!

## کەمال ڕەئوف

اویەك لەمەوبەر بەدوای دەرکەوتن و ئاشکرابوونی دیکۆمینت وفایلی کوردە سیخورەکانی سەربە بەعس، ئەو دەنگە ناڕازی و هەڵوێستانە مبینرایەوەو بەدەرکەوتن کەتا ڕادەیەکی باش پێیان لەسەر ئەوەدا دەگرت کە دەبێت ئەو تاوانبارانە ناوەکانیان ئاشکرابکرێن ودادگایی بکرێن سزای تاوانانەکانیان وەربگرنەوە، لەبەرابەر ئەم داوایەدا، پارتی ویەکێتی بێدەنگەیان لێکردو دەیانەوێت وەك مەسەلەی کوردە بەعسیەکان ئەوانەی تادوا هەناسە لەگەڵ ڕژێمدا مانەوە و تائێستاش زۆرێکیان لەپەنای ئەواندان، ئەم کێشەیەش دیزە بەدەرخونە بکەن و لەوبارەوە هیچ ڕانەگەیەنن و هیچ هەڵوێستێکی ئیجابیش لەشانی خۆیان نەگرن، چونکە ئەوان دەزانن و ئەو ئەزمونەیان هەیە کە ئەو هەڵوێست و دەنگانە بەمروری زەمەن دەنگەکان کەم دەبنەوەو هەڵوێستەکانیش خۆیان کاڵدەبنەوە و تەنها وەك نوکتەو قسەی گاڵتە ئامێزانە لەسەرزاری خەڵك دەمێننەوە ⋆. کاتێك بەرەی کوردستانی لەدوای ڕاپەڕین بەلێشاو جاش ومستەشارو کۆنە بەعسی وسیخورەکانی خزاندە ناوڕیزی حیزبەکانی خۆیەوە و لەژێر بیانوی ئەوەی گوایە ئەمانیش کوردن و بەشداری ڕاپەڕینیان کردوە ودواتریش بەئیمتیازەوە بەرپرسیارێتیو دەسەلاتیان پێبەخشین، ئەوکاتە حیزبی کوردی بەم کارەی ئەوەی ڕاگەیاند کەلەنێوان شۆڕشگێرێتی و جاشایەتیادا نێوانێك نەمایەوە تاکوکەس قسەی لەسەربکات، ئەوکاتەی کە پارتی بەئاشکرا داکۆکی لە مستەشارە کوردە ئەنفالچیەکان کردو بەشی زۆری لەوان بەرکەوت و یەکێتیش لەسەر زاری باڵە توندڕەوەکەیەوە داخی بۆئەوەهەڵدەکێشا کەئەوان زووتر نەیان توانی ئەو سیاسەتە پەیڕەوبکەن و متمانەی سەرەك جاشەکان بۆخۆیان ڕاکێشن وبەمەش زەرەرمەندبوون، ئیتر ئەوکاتە هەردوولایان کاری سیخوری وجاشایەتیان موباح کردلەبەردەم خەڵکی هەلپەرستداو ئەوەیان ڕاگەیاند کەحیزبی ئەوان ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کەهەمووکاتێك دەتوانێت ئوسڵخانەی خۆپاکردنەوەی شتەخراپەکانی خەڵکە لۆمپن ونەفس نزمەکان بێت. ئەمڕۆ پارتیو یەکێتی بەسیاسەتی بێدەنگی وبێ هەڵوێستیان لەمەڕ ئەم دیاردەیەو لەبەرابەر ئەو سیخورانەی کە خۆیان دەیانناسن و تاکو ئێستاش نەك دادگایی نەکراون بەڵکو پلەو ئەندامێتی حیزبیشیان لێ وەرنەگیراوەتەوە، ئەوهەڵەیە دووبارەدەکەنەوە کە ئەزمونێکی ڕەش وتاڵ تری وا لەناوکۆمەڵدا بە رهەم بهێنێتەوە کە ڕەنگە لەئایندەدا مەترسیەکانی لەوەی ئێستا زۆر ترسناك ترو شەرمەزارتربێت، چونکە تاکە ڕێگرلەبەردەم کەمکردنەوەی ئەو کارەساتەدا ئێستابەتەنها شتەئەخلاقیەکانەو هیچ لێ پێچینەوەیەك لە سیاسەتی ئەو دووحیزبەدا ئارادانییە، هەربۆیە دروست وایە گەرسەرکردایەتی پارتیو یەکێتی دەیانەوێ بێدەنگەلەو مەسەلەیە بکەن، ئەواهەق وانیە پێشمەرگەکانیان لەوەفای خوێنی هاوڕێ شەهیدەکانیان بێدەنگبن یان دروست وایە بۆڕووسووریخۆیان نەهێڵن و بەوە ڕازی نەبن لە نێوچوارچێوەیەکدا کاری سیاسیو خەبات ئەنجام بدەن کەسیخورو ئەنفالچیەکانی تیادا جێ ببێتەوە، خەڵکیش هەمووئەوانەی کەڕۆژێك لەڕۆژان خۆیان بەدۆست و لایەنگری ئەو حیزبانە زانیوە هەق نیە بەوە ڕازی بن کەحیزبەکانیان ببێتە مۆڵگەی سیخورەکان، چونکە بەدڵنیاییەوە ئەوەی ئاشکرابووە مشتێکە لەو خەرواری تۆڕی سیخوری و ملهوریانەی کەچەندساڵە لەکوردستان تەشەنەیکردوە کەڕەنگە هێشتا قایمەکانی ئیتلاعات و میت وشوێنەکانی تر بتوانن بۆماوەیەکی دورودرێژتر بەنهێنی لەنێوئەو لایەنانەدا بمێننەوە، ئاشکراشە سیخورێك نیەلەدنیای سیاسەتدا ناوی سیخوری سپی وجوان بێت بۆیەدەبێت بەحەزەرو چاونەپۆشینەوە لەو دیاردەیە بڕوانرێت، هەرچەندە ئێمەش ناڵیین وئێستادا شدا پێشبینی ئەوەناکەین کە خەڵکی کوردستان وەك خەڵکی فەرەنسا چۆن مردوە سیخورەکانیان لەگۆڕەکانیان دەرهێناو فرێیاندانەدەرەوە ئاوالەگەڵ سیخورەمردەوەکاندا بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی لەئایندەدا ئەزمونێکی ڕەشترتۆمارنەکەین و ئەم هەڵەیەش بەمێژووی سیاسی خۆمانەوە نەلکێنین ورۆحی شکۆمەندیش بژێنینەوە، باشتر وایە هەرچۆنێك دەکرێت نە هێڵرێت سیخورە زیندوەکان و ئەنفالچیەکان لەکوردستانداو لەژێرچەتری حیزبە کاندا بحەوێنەوە و داڵدە بدرێن.

⋆تازەترین نوکتەلەسە ئەو مەسەلەیە ئەوەیە، حیزبی زەحمەتکێشان لەبەرئەوەی شەرەفی ئەوەی پێبڕاو پشکی سیخوریان بەرنەکەوت، کەسێك بەگاڵتەوە لەکاك قادر عەزیزی دەپرسێت، ئەرێ کەس لەئێوە ناوی لەو قایمەیەدانیە ئەمەچۆنە ؟ ئەویش دەڵێت : ئاخر ئێمە عەرەبی نازانین !

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.